بەرگری شارستانی ڕێنماییەکانی خێی بەاودەکاتەوە بە ئاهەنگەکانی سەری ساڵ

ئەمڕۆ هەینی، بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی ڕێنمایی سەبارەت بە هەڵدانی یاریی ئاگرینەکان دەرکرد.

لە ڕاگەیەندراوەکی بەڕێوەبەرایەتییەکەدا هاتووە : بەرگریی شارستانی ڕێنمایی دەرکردووە بە ئەوەی یاریی ئاگرینەکان لە کوچە و کەڵانەکانی ناوچە نیشتەجێبوونەکان و بازاڕە بازرگانییەکان هەڵنەکەن (بەو پێیەی دەبێتە هۆی ڕووداوی ئاگرکوژێنەوە کە هاوڵاتی بێتاوان دەبێتە قوربانی).

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە،بەهیچ شێوەیەك یاریی ئاگرینەکان لەلایەن منداڵەکان نەکرێت چونکە (وەك لەدەستدانی کەنترۆڵی هەڵدانی یاریی ئاگرینەکان ڕێنگە ببێتە هۆی بریندارببوونی مرۆڤ)، هەروەها هەڵنەدانی یاریی ئاگرینەکان بە شێوەی ئاسێیی یان لار (کە دەبێتە هۆی کورتبوونەوەی مۆدا و دەبێتە هۆی دابەزینیان لەکاتکدایە هەشتا دەسوتێن.

ئاماژەی بەوەشکرد : لەنزیك ستوونی کارەبا و وایەرەکان یاریی ئاگرینەکان نەکرێتەوە، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی بەین یان سووتانی وایەرەکانی کارەبا و ببێتە هۆی کورتکردنەوەی کارەبا و نەکردنی یاریی ئاگرینەکان لەنزیك دارخورما و دارەکان (بە ڕەگریکردن لە هەڵگیرسانی ئاگر لە پارکەکان یان باخچەکاندا، هەروەها یاریی ئاگرینەکان لە ناوەوەی تایەکان نەکەنەوە، جا چ جوڕە

بووبەت یان وەستابەت (وەك چۆن دەبەتە هەی ڕووداوی هاتوچۆ و هاتوچۆ لەسەر ڕێگاکان تەکدەدات.

لە درێژی بەیاننامەکەدا هاتووە : لە نزیك بەنزینخانەکان یان تانکی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتییەکان یارییە ئاگرینەکان مەکەن (بە ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە ئەنجامی بەرکەوتن بە دوکەڵی بەرهەمە نەوتییەکان) و یارییە ئاگرینەکان لە نزیك بتەی غاز یان بتەی ئەکسجین مەکەن.

لە ڕوونکردنەوەکەدا بەهەی بوونی تانکی سووتەمەنی و وایەری کارەباوە یارییە ئاگرینەکان لە نزیك مەلیدە ئەهلییە کارەباییەکان هەڵنەگیرسێنن، هەروەها یارییە ئاگرینەکان لە نزیك نەخشخانەکان (بە ڕێگریکردن لە تەکدانی نەخشە خۆتووەکان)، هەروەها یارییە ئاگرینەکان لە شوێنە داخراوەکان هەڵنەگیرێن (وەك هەی هاوسەرگیری و بنە و ئاهەنگەکان بە ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە).

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەشداری داوە هەموو هاووەاتیان یارییە ئاگرینەکان نەکەن بەو پێیەی سەرچاوەی سێ مەترسیی بنەڕەتییە:

یەکەم: مەترسی ئاگرکەوتنەوە لە هەکارەکانی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەیە، بەپێی ئاماری ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی.

دووەم: مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە (دەبەتە هەی پیسبوونی هەوا و ژاوەژاو، کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگە و ئاسوودەیی دانیشتوان و دروستبوونی ترس و دەڵەاوکە لای منداڵان).

سێیەم: مەترسییە تەندروستییەکان، لەوانەش سووتاوی (برین/ بریندار بوونی چاو/ بریندار بوونی بیستن).